# ونبوونی مەسعود بارزانی
# و
# شاردنەوەی ڕاستییەکان..!

دارا مەحمود
darachimen@hotmail.com

ماوەی چەند ڕۆژێکە بەڕێز مەسعود بارزانی دیارنییە. دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن لە باشووری کوردستان ڕایانگەیاندووە کە سەفەری دەرەی وڵاتی کردووە. و لەلایەکی دیکەشەوە لێرولەوێ وەبەرگوێمان دەکەوێ کە لە ئەنجامی هەوڵێکی ترۆرکردندا بەسەختی بریندارە.
لەکاتێکدا کە هیوادارین بەڕێز مەسعود بارزانی سەلامەت بێت. دەڵێین بۆ نێوەرۆکی ئەم بابەتە گرنگ نییە داخوا کام لەم دوو ئەگەرە، واتا سەفەرکردنی، و یان بریندار بوونی ویانیش هەرئەگەرێکی تر.. لە ئاردایە. بەڵکو ئەوەی گرنگە دیتنەوەی وەڵامی چەند پرسە لەمانە:
ئایا ئەگەر بەڕێز مەسعود بارزانی سەفەری کردووە، چما ئەو سەفەرە نهێنییەو نازانرێ لەکوێیەو مەبەست لەو شاردنەوەیە چییە..؟ ئایا هیچ سەرکردەیەکی سیاسی لەجیهانداو لەئاست و پلەی مەسعودبارزانیدا دەبینینەوە، کە سەفەر بکات و لەگەلی خۆی بشارێتەوە بۆ کوێ چووە..؟ ئایا لە جیهاندا چ وڵاتێک هەیە کە مەسعودبارزانی سەفەری بۆ بکات و هێندە هەستیاربێت، کە نەتوانێ ئاشکرای بکات..؟ ئایا ئەگەر بەڕێزیان سەفەری هەر وڵاتێک و بەهەر مەبەستێک بکەن دەتوانن لە موخابەراتی ئەمەریکی و ئیسرائیلی و ئێرانی و تورکی و سوری و تەنانەت عیراقیش بشارنەوە..؟ کەبێگومان نا. کەواتە ئەو بێدەنگی و شاردنەوەیە لەجیهانە یان لەخەڵکی کورد..؟
بەڵام ئەگەر شیمانەی پەلاماری تێرۆرکردنەکە ڕاست بێت، دیسانەوە پاساوێک بۆ شاردنەوەی نابینینەوە. و دەپرسین: ئایا ئەگەر بەڕێزیان تووشی ڕووداوێکی لەوجۆرە ببنەوە، و خەڵکی پێ بزانن، لە پلەوپایەو هەیبەتیان کەمدەبێتەوە..؟ مەگەر شتێکی نامۆو چاوەڕواننەکراوە کەلەعیراق و کوردستان و تەنانەت جیهانی ئەمڕۆییدا سەرکردەیەک ڕووبەڕووی پەلاماری ترۆرکردن بێتەوە..؟
بەڵام واپێدەچی پرسەکە لەجێگایەکی تردایە نەک ئەوانەی سەرەوە. ئەویش زهنییەتی دەسەڵاتێکە کە لەسەر بنەمای شاردنەوەی ڕاستییەکان دامەزراوە. دەسەڵاتێک کەخۆی بەرپرسیار نازانێت بەرانبەر ئەوخەڵکەی فەرمانڕەواییان بەسەردا دەکات. و خۆی لەئەنجامدانی هەربڕیارو کردارێک بەبێ گەڕانەوە بۆ خەڵک مافداردەبینێت. و ئەمەش دەسەڵات دەخاتە جیهانێک و کۆمەڵگاش جیهانێکی تر.
زهنییەتی شاردنەوەی ڕاستییەکان خەسڵەتی دەسەڵاتێکی نادیموکراتە. دەسەڵاتێک کەبەدوای مەزنی و موقەدەس بوونێکی ساختەدا دەگەڕێت و تەواوی هەواڵ و ئامارو چۆنییەتی بەڕێوەچوونی کاروبارەکان دەکەونە جێگای گومان. و هەرلەئەنجامی ئەم زهنیەتەشەوەیە کە گەندەڵی پەرەدەستێنێت و دەتەنێتەوە.
ئەگەر لایەنگرانی شاردنەوەی ڕاستییەکان پێیان وایە بەڕاگەیاندنی هەواڵی تیرۆرکردنی سەرکردە یان بریندابوونی، و تەنانەت مردنیشی کۆمەڵگا دەشێوێت و یانیش پەکی دەکەوێت. ئەوە بەڵگەی نادیموکراسی بوونی ئەودەسەڵاتەیە کەئەوان بەڕێوەی دەبەن. چونکە دەسەڵاتێک کە خاوەنی

دامودەزگای دیموکراسی و سەروەریی یاسابێت هیچکات لەسەر تاک، چەندە گرنگیش بێت پەکی ناکەوێت. بەڵام دەسەڵاتێک کە گرەو لەسەر یەک تاک، یەک گروپ، تەنانەت یەک پارت دەکاتەوە، ئەوە دەسەڵاتەکەی لەسەر بەفر دادەمەزرێنێ و ئەوبەفرەش ڕۆژگارێک هەردێت کەخۆری ڕاستیی تێدا هەڵبێت و بتوێتەوە.

دیارە ئەمە یەکەمین جاریش نییە، و پێش ماوەیەک بەڕێز سەرۆکی حکومەتیش نێچیرڤان بارزانی ماوەیەک لەپێش چاوان ونبوو، و هیچکات ئاشکرا نەکرا لەکوێ بووەو خەریکی چی بووە. کە لەڕاستیدا هیچ گرنگیش نییە کە لەکوێ بووەو چی کردووە. و دەتوانێ بۆ پشوودانێکی ئاسایی ڕۆیشتبێت. و هەرکەس بەبەرپرسانی هەرەباڵاشەوە پێویستیی بە پشوودانە. لێرەدا کێشە لەسەر ئاشکراکردنەکەیە. کە پرێنسیپی هەروڵات و دەسەڵاتێکی دیموکراتە.